گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 3147 (PP 240-254)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.16

توێژینەوە

# هونەری دژیەک لە شیعرە کوردییەکانی (صافی)دا

**عەلی مصطفی نجم الدین:** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق
**فرمان محسن عبدلله:** وەزارەتی پەروەردە

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هونەری دژیەک لە شیعرە کوردییەکانی (صافی)دا)، پرۆژەیەکی زانستییە، پشتی بەستووە بە میتۆدی ئاماری، کە تیایدا باس لەلایەنی تیۆری هونەری دژیەک کراوە، هەروەها هەردوو جۆری دژیەکی فەرهەنگی و نافەرهەنگی، بە پشت بەستن بە سەرچاوە و بۆچوونە زانستییەکان خراوەتەڕوو، لەم توێژینەوەیەدا لەو دیوانەی، کە بۆ توێژینەوەکە بەکارمان هێناوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە، داتایەکی وردی گشت شیعرە کوردییەکانی شاعیرمان کردووە، لە ئەنجامی پرۆسەی داتاکەدا، ڕێژەی دژیەکی نەرێی فەرهەنگی و دژیەکی نافەرهانگیمان بە ژمارە دەستخستووە.

وەک دەبینین لە کۆی شیعرە کوردییەکانی صافی شاعیردا، (٣٩٧ )بەیتە شیعر و (١) غەزەل و (٢٧) چوارینە و (٨٨) پێنج خشتەکی: لە (٧٢) دێڕە شیعردا دژیەکی ئەرێ و لە (١٧) دێڕە شیعردا دژیەکی نەرێ هەیە. هەروەها هونەری دژیەک بە جۆرە جیاوازەکانییەوە، لە سیاق و ڕەهەندی جیاوازدا دەردەکەوێت، ئەمەش بەهایەکی گرنگی ئەدەبی و ڕەهەندە جیاوازەکانمان بۆ دەخاتەڕوو.

CORRESPONDENCE
عەلی مصطفی نجم الدین
ali.najmaddin@su.edu.ku

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

**وشە سەرەکییەکان:**
شیعر
دژیەک
دژیەکی ئەرێ
دژیەکی نەرێ
داتا.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی:

دژیەک هونەرێکی جوانکارییە، لە شیعری کۆن و نوێدا گرنگی زۆری پێدراوە، ئەم هونەرە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سیاق و پایەی شیعردا، چونکە بەهۆیەوە پرۆسەی ڕەهەندە فیکری و پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی هونەری دەخرێتەڕوو. لە پرۆسەی جوانکاری وەک ڕیتم و مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی شیعریش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆیە شاعیران بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاری دەهێنن. شیعرەکانی صافی هیرانی ئەم هونەرەی تیادا بەکارهاتووە، ئێمەش هەوڵمانداوە هونەری دژیەک وەک لایەنی تەکنیکی و ژینگەی ڕەهەندەکان لێی بتوێژینەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی قووڵتر لە کاری دیاریکردنی لایەنی هونەرییەکە، باس لە چەمک و پێکهاتەی جۆری دژیەکەکە بکەین، ئەم ڕەهەندەش بۆ زمان و فەرهەنگمان دەگەڕێنێتەوە، لەمەدا زاراوەی پەیوەست و هەندێکجار هاوواتاش وەک (دژیەک "تضاد"، ناکۆک"متناقض، بەرانبەری _ پارادۆکس، تقابل) لە ئاست بەهای دژیەک دەناسێنرێت، تا لە ناساندنی چەمکی بەهای دژیەک هیچ ئاڵۆزی و تێکەڵییەک دروست نەبێت.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەم ناونیشانە بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی توێژینەوەکاندا بەرچاو دەکەوێت و باس لەلایەنی تەکنیکی هونەرەکە کراوە بە نموونەی شیعرەکانەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە کردوومانە دەرخستنی ئەو جیاوازییەیە، کە ڕۆڵ و گرنگی هونەری دژیەکمان جگە لەلایەنە تەکنیکیەکەی لە شیعری صافی هیرانیدا، لە ڕەهەندە جیاوازەکانمان کۆڵیوەتەوە و پایەی شیعرەکانمان وەک پرۆسەیەکی مەعریفی خستۆتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕووی خشتەی ئاماری لەنێوان دژیەکی فەرهەنگی و نافەرهەنگیدا، بۆ ئەمەش تەنیا پشتمان بەستووە بە (دیوانی صافی)، لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی: محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی، چاپی ٢٠٠٤.

## مێتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە وەک پرۆسەیەکی ئەکادیمی و بەدواداچوون بۆ لایەنی تەکنیکی و ڕەهەندی فیکری، پشتمان بەستووە بە مێتۆدی ئاماری، چونکە ئەم مێتۆدە یارمەتیدەرمان دەبێت لە خستنەڕوو و خوێندنەوەیەکی شیکارییانەی لایەنی تەکنیکی دەق و جەوهەری ژینگە مەعریفییەکان.

## سنووری توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا تەنها لە شیعرە کوردییەکانی (صافی) شاعیردا کار لەسەر هونەری دژیەک کراوە.

## گرفتی توێژینەوەکە:

پێمان باشە لەباتی وشەی گرفت، وشەی پرسیار بەکار بهێنین، چونکە هەر توێژینەوەیەک هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێک، کە پێویستە توێژەر بە دوای وەڵامدانەوەیدا بگەڕێ. پرسیاری ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە: تا چەند شاعیر لە سنووری توێژینەوەکەماندا سەرکەوتووانە توانیویەتی لە بەکارهێنانی هونەری دژیەکدا، لایەنی تەکنیکی و مەعریفی لەنێو ڕەهەندە جیاوازەکاندا بەرجەستە بکات و ئامانجەکە بەدەستەوە بدات. بەر لەم توێژینەوەیە چەند کارێک لەبارەی هونەری دژیەک لە شیعرەکانی (صافی)دا کراوە، وەک: محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی لە پێشەکی دیوانی صافی دا باسی هونەری دژیەکی کردووە. هەروەها لە نامەیەکی ماستەر بە ناونیشانی (ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی)دا)، کە لەلایەن )عوسمان عەبدوڵڵا فەرەج) پێشکەشی کۆلیژی پەروەردە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین کردووە، باسی هونەری دژیەکی کردووە و هەردوو لایەنی ئەرێ و نەرێی دیاریکردووە. لە توێژینەوەیەکی زانستیدا کە لەلایەن (طاهر مصطفى علي) بە ناونیشانی (بين قصيده القلب للشاعر الكردى صافى الهيرانى و قصيده الناى لجلال الدين الرومى)، باسی لە هونەری دژیەک کردووە.

## پلانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەویە لە سێ تەوەری سەرکی پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا: باس لەلایەنی تەکنیکی دژیەکی فەرهەنگی و نافەرهەنگی کراوە، لەتەوەری دووەمدا: وەک ڕەهەندی جیاواز باس لە ڕەنگدانەوەی هونەری دژیەک لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا کراوە، لە تەوەری سێیەمدا: لە داتایەکدا جۆری هونەرەکانی دژیەک خراوەتەڕوو.

ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە کارەکانی پێشخۆی لەبارەی شیعرە کوردییەکانی (سافی)دا جیا دەکاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا باسی ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکان کراوە، کە هونەری دژیەک ڕۆڵی هەیە لە قووڵبوونەوەی بەها مەعریفیەکە، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا داتایەکی ورد پێشکەشکراوە و تێیدا ئاماژە بە گشت دژیەکەکانی (ئەرێ و نەرێ) کراوە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا جگە لە خستنەڕووی سەرچاوەکان، چەند ئەنجامێکمان بەدەستهێناوە و خستوومانەتەڕوو، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

## ١. دژیەک لە ڕووی تیۆرییەوە

### ١-١ دژیەک:

دژیەک یەکێکە لە جۆرەکانی هونەری جوانکاری لە زانستی ڕەوانبێژی، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بنیاتی مۆسیقای ناوەوەی شیعر، ڕۆڵێکی دیار و گرنگی هەیە لە ڕێکخستن و بەهێزکردنی واتا لەنێو بنیاتی زمانی دەقدا. (دژیەک) بریتییە لە بوونی دوو وشەی پێچەوانەی مانا لەنێو بنیاتی دەقدا، یان بریتییە لە «هێنانی دوو وشەی مێمڵ و دژیەک، وەکو تاریکی و ڕووناکی، پیس و پاکژ، بەرز و نزم... ئەمانە هەموویان دژ و پێچەوانەی یەکترن»(گەردی١٩٧٥: ٦٨)، لە سۆنگەی ئەمر پێناسەیەوە ڕۆشنایی دەکەوێتە سەر هەموو وشەیەکی فەرهەنگی، کاتێک دژەکەی لەنێو بنیاتی دەقەکەدا بینرا، شاعیر لەنێو دەقدا سەربەستانە وشەکانی ڕێکدەخات، بەمەش ریتمی دووبارەبووەوەی دەنگی و وشەیی دروست دەبێت، هونەری دژیەکیش چ وەک وشەیەکی فەرهەنگی، یان وشەیەکی نافەرهەنگی ڕۆڵی دەبێت لە پرۆسەی دووبارەبوونەوەی ریتم، کەواتە کاریگەری مۆسیقا و زمان بەیەکەوە واتای دەلالی و واتای دروستی وشە دژەکان دەخەنەڕوو.

لەنێو دەقدا وشەی دژیەکی بە شێوازی ئەرێ و نەرێ ڕۆڵیان دەبێت، ئەمەش پەیوەندی بە تەکنیکی بنیاتی دەق و ڕێکخستن و گەیاندنی مەبەستی شیعرییە بە خوێنەر، «دژیەک کۆکردنەوەی دوو واژەی دژ بەیەکی واتاییە، ئەگەر دژبەیەکەکەش لەنێوان دوو واژەی ئەرێدا بوون، دەبێت بە دژیەکی ئەرێ، ئەگەر دژیەکەکەش لەنێوان دوو واژەی ئەرێ و نەرێ دابوون، ئەوا پێی دەڵێن دژیەکی نەرێ»(گەردی٢٠١٣: ٣٢٤)، بوونی دوو وشەی ئەرێ و نەرێ، لە ڕووگەی وشەی نافەرهەنگییەوە سەرچاوەدەگرێت، لە دەربڕینی وشەیەکی فەرهەنگی و یەکی نافەرهەنگی کە بەهۆی ئامرازەکانی (نە، نا، مە، ئەغ، نی) دروست دەبێت، شاعیر مەبەستە شیعرییەکانی خۆی دەخاتەڕوو، بۆیە لە زۆربەی دەقی شیعرەکاندا، چاوت بەر ڕەهەندی دەروونی و بەرگری و ئاینی.... دەکەوێت، کە لە سۆنگەی هونەری دژیەکەوە ڕەهەندەکە بە بەهێزی خراوەتەڕوو. گرنگی پرۆسەکە لە ئاخاوتنی ئاخێوەردا دەردەکەوێت، «لە دەربڕینی ئاخێوەردا دوو دەربڕین کۆبکرێتەوە و واتاکانیان لەسەر یەک شتدا جیاواز و دژ بن، بەمەبستی نیشاندانی دوو واتای جیاواز»(الهاشمی١٩٦٠: ٣٦٧)، بوونی وشەی دژ، یان پێچەوانە، یان ئەرێ و نەرێ لەنێو دەقدا دەبێتە بەرانبەری، دژیەک دوو جۆری سەرەکی هەیە، وەک:

**٢-١ دژیەکی فەرهەنگی:** لەمر هونەرەدا بە لەبەرچاوگرتنی بنەما و واتای ڕەسەنی وشەکان کاردەکەین، واتە وشە فەرهەنگییەکان «لە بنجدا پێچەوانەی یەکتر بن، لە ڕووی ڕەگەزەوە لەیەکتر جیاواز بن»(شێخ بزێنی٢٠١١: ١٣٩)، کەواتە دەرکەوتنی دوو وشەی لە ڕەگەز و واتای فەرهەنگی جیاواز لەنێو دەقدا دەبێتە هۆی دروست بوونی دژیەکی فەرهەنگی، وەک وشەکانی: ڕۆژ * شەو، درێژ* کورت...

لە کۆی شیعرە کوردییەکانی صافی شاعیردا (٣٩٧ )بەیتە شیعر و (١) غەزەل و (٢٧) چوارینە و (٨٨) پێنج خشتەکی: لە (٧٢) دێڕە شیعردا دژیەکی ئەرێ و لە (١٧) دێڕە شیعردا دژیەکی نەرێ هەیە، بۆ نموونە لەمر چەند دێڕە شیعرەدا هونەری دژیەکی فەرهەنگی دەردەکەوێت:

**وا سەراسەر ڕووی زەمینی گرتووە خوێناوی ئەشک**
**دوودی ئاهیش ڕۆژی پۆشی و ئاسمان تاری دەکا** (صافی ٢٠٠٤: ١٥٤)

هەردوو وشەی (زەمین* ئاسمان)، (ڕۆژ* تار) وشەی فەرهەنگین و بنەما و واتای سەربەخۆیان هەیە، هەردوو وشەکە وەک هونەرێکی دژیەکی فەرهەنگی ڕۆڵیان لەنێو دێڕە شیعرەکە دەرکەوتووە، لێرەدا شاعیر لە وشەکانی (ڕۆژ * تار) مەبەستیەتی بڵێت: (تاریکی * ڕووناکی)

**مەڵێن دڵ بێ هەوار و ترسنۆکە با بەتاڵان چێ**
**لەلای خۆی ویش عەگید و خانەدان و پێگە سالارە** ( صافی ٢٠٠٤: ١٩٨)

..هەردوو وشەی (ترسنۆک* عەگید) دوو وشەی فەرهەنگین و واتای سەربەخۆیان هەیە، هونەری دژیەکی فەرهەنگییان لەنێو دێڕە شیعرەکەدا دروستکردووە.

**٣-١ دژیەکی نافەرهەنگی:** جۆرێکە لە هونەری جوانکاری، شاعیر سەربەستانە و وەک پێویستییەک لەنێو دەقی شیعریدا بەکاریان دەهێنێت، ئەمەش دەرخستنی توانا زمانی و مۆسیقییەکانی دەقی شیعرییە. ئەم جۆرە دژیەکە «دژیەکی دروستکراویشی پێ دەڵێن» (عەزیز٢٠٢٢: ٤٥)، کەواتە دژیەکی نافەرهەنگی بریتییە لەوەی «دوو وشە بێنی یەکێکیان نەفی ئەوی تریان بێت، واتە وشەکان هەر یەکن، ئەوەندە هەیە یەکێکیان ئەوزاری نەفی هاتۆتە سەر»(گەردی١٩٧٥: ٧٠)، کەواتە لە دژیەکی نافەرهەنگیدا، وشەیەکی فەرهەنگی بە هۆی ئامرازەکانی (نا، نە، مە، ئەغ، نی، بێ) لەنێو دێڕە شیعرەکاندا دەکرێتە نەرێ. لە شیعرەکانی سافی هیرانیدا ژمارەی ئەو دێڕە شیعرانەی کە هونەری دژیەکی نەرێی تێدا دەردەکەوێت، کە بریتینە لە (٢٢) دانە، نموونەی شیعری دژیەکی نافەرهەنگی .

**طبیب نێت و دەوای دەردم نەدا چارم نییە (صافی)**

**بەمردن گەر عیلاجی دەردی بێ دەرمان نەکەم چ بکەم** (صافی ٢٠٠٤: ١٧٢)

هەردوو وشەی (نەکەم* بکەم) لە چاوگی (کردن) وەرگیراون، بەڵام وشەیەکیان ئەرێیە و ئەوی تریان بە ئامرازی (نە) کراوە بە نەرێ.

بیروڕای زانستی هەیە لەبارەی هونەری دژیەک لەنێو ڕەهەندە ماددییگەرایی و باوەڕە جیاوازەکانی تری مرۆڤایەتی، بۆیە دەبینین هەموو وشەیەک دەچێتە سیاقی پێویستی خۆیەوە و شاعیر لە سۆنگەی ئەو کاریگەرییەی، کە کەوتۆتە سەری، ڕەهەندەکان دەخوێنێتەوە، واتە وشە دژیەکە بەکارهاتووەکان چەمکی جیاواز هەڵدەگرن و پێناس و سەرنجی جیاوازییان هەیە. ئیدمۆند لیچ: دەڵێت: «دیاردە جووتە هاودژەکان نیشانەیەکی بنەڕەتین لە نیشانەکانی کرداری بیرکردنەوەی ئادەمیزاد، لە کۆنەوە ئەوەی بۆ ساغ بۆتەوە، کە لە دنیادا هەر شتێکی، کە هەیە، یان زیندووە، یان مردووە، ئەگەر ویستبێتی بزانێ ژیان چییە؟ ئەوا تەنیا لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە دژەکەی کە مردنە، تێگەیشتووە و دواتر زانیویەتی ژیان چییە»(الجوهري1975: 133)، بوونی هەموو شتێک ماددی بێت، یان واتایی دژێکی لەبەرانبەردا هەیە، ئەمەش پرۆسەیەکی سروشتییە لە کولتوور و زمانی هەموو میللەتەکانی دیکەدا هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا لە چوارچێوەی پرۆسەی کار و بیرکردنەوە بەرهەمییەکانی مرۆڤ بابەتە هاودژەکان دروست دەبن و لەنێو کایەی جیاوازدا جێگای خۆیان دەکەنەوە.

دیاردەکانی دژ، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش پرۆسەیەکە لەڕێگەی بەردەوامی و بەرهەمی پتری فیکر و بەردەستبوونی کەرەستەکان، کە لە خزمەتی مرۆڤایەتی دان گەشە دەکەن و سیاقی دروستی خۆیان وەردەگرن. ئەم هونەرە لە ئەدەبدا، لە ئەدەبی فۆلکلۆر و زانستی میتۆلۆژیا و قۆناغە جیاوازەکانی نوێبوونەوەی ئەدەبدا دەردەکەوێت، بەمەش خوێنەر هەست دەکات وشە دژەکان، لە ژینگەی فەلسەفی و ئاینی و کۆمەڵایەتی.... دەردەکەون.

## ٣. ڕەنگدانەوەی هونەری دژیەک لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا

### ٢-١ ڕەنگدانەوەی هونەری دژیەک لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا:

ئەگەر تەماشای ئەدەب بکەین، دەبینین ئەم هونەرە لە تەواوی ڕەهەندەکانی ئەدەبی فۆلکلۆردا خۆی دەردەخات، وەک لە ئەفسانە و داستان و بەیت...هتد، لە ئەدەبی نووسراویشدا هونەری دژیەک کاریگەرییەکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە جوانکردنی ڕیتمی مۆسیقی شیعر و خستنەڕووی واتای جەوهەری لە شیعردا. ئەمەش پرۆسەیەکی ژیارییە، چونکە پەیوەستە بە بوون و نەبوونی ڕووداو و خو و خاسیەتەکانی مرۆڤ، کەواتە هەموو بابەتە ژیاری و مەعریفییەکان بەهەر هونەرێک بخرێنەڕوو لەخزمەتی مرۆڤدایە.

شیعرەکانی صافی هیرانی وەک ئەدەبێکی ڕەسەن خاوەنی ئەم هونەرەیە، شاعیر لە بنیاتی دەقدا هەوڵیداوە ئەو دژانەی بەکاریان دەهێنێت، لە چەمک و ڕەهەندی جیاوازی فیکری و کۆمەڵایەتی و مرۆڤانەدا خۆی ببینێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی دەوڵەمەندە بۆ بنیاتی دەقەکانی شاعیر. هونەری دژیەک لە شیعرەکانی شاعیردا دابەشی ئەو ڕەهەندانە دەکەین، کە مەبەستە کولتووری و مەعریفییەکەی لەخۆ گرتووە، واتە لە بوارە جیاوازەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە خۆی دەبینێتەوە.

### ٢-٢ هونەری دژیەکی سایکۆلۆژی:

بابەتی سایکۆلۆژی ڕەهەندێکی فراوانی هەیە و لە هەموو بابەتێکی جیاوازدا ڕەنگدەداتەوە، واتە بریتییە: «لەو چەمکانەی کە پەیوەندییان هەیە بە ژینگەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو»(اولمان١٩٨٦: ٦٤)، ئەدەبیاتیش بە قۆناغ و ژانری جیاوازەوە ڕەهەندی دەروونی لەخۆی دەگرێت، دەرکەوتن و کاریگەری ئەم بابەتەش بەسەر خوێنەرەوە، دەوەستێتە سەر توانا زمانی و خەیاڵییەکانی شاعیر،

کەواتە واتای دەروونی «ئەو واتایە دەگرێتەوە، کە خودی قسەکەر پێی داوە، واتە واتایەکی دەروونی خوودییە و پەیوەستە بە ئاخێوەر»(دزەیی٢٠١٤: ٣٧)، کەواتە شاعیر دەتوانێت لە ڕێی تەکنیکی جیاوازەوە باری دەروونی خۆی بخاتە نێو دەقی ئەدەبییەوە، صافی هیرانی لە ڕێگەی هونەری دژیەکەوە توانیویەتی گوزارشت لەو بیرۆکەیە بکات، کە باری دەروونی شاعیری داپۆشیوە، پاڵنەرە سایکۆلۆژییەکانی شاعیر بوونەتە هۆی پەیدا کردنی هەندێک جۆر لە دژیەک کە گوزارشت لە ناسەقامگیری دەروونی خۆی دەکا، وەک دەڵێت:

**ڕۆژی هیجران تارییە یاخۆ شەوی بەختی منە**

**یا لەسەر ڕووی زوڵفی شێواوێتی دێ و دەخولێتەوە** (صافی ٢٠٠٤: ٢١٨)

**ڕۆژی هیجران* شەوی بەخت:**

دژیەکی دەروونی لەنێوان هەردوو وشەی (ڕۆژی هیجران* شەوی بەختە) دایە، واتە (ڕۆژ و شەو) دوو ناوی دژیەکی واتایی فەرهەنگین و بە بوونی هەردوو وشەی (هیجران، بەخت)، دژیەکی دەروونی درووستبووە.

شاعیر لە دۆخێکی ئاڵۆزدا، دەیەوێت ئەو دیاردەیە ڕوون بکاتەوە، کە لەنێوان خۆی و یارەکەی بەرپابووە، لەمڕ هێنان و بردنەی لێکدانەوەیەدا، کە هونەری لێکچوواندنیش تێکەوتووە، شاعیر دەکەوێتە بارێکی دەروونی ئاڵۆزەوە، چونکە کۆچ و پرسەکانی دابڕان و دوورکەوتنەوە دەروونی شاعیری نائارام کردووە و بەجۆرێکی هونەرییانە دەروونی خۆی دادەمرکێنێتەوە.

ڕەهەندی دەروونی لە دەقی ئەدەبیدا، لەپاڵ زمان و توخمەکانی تری تەکنیکی زەمینەیەکی گونجاوی دەبێت و دەقەکە کاریگەری تەواو دەخاتە سەر هەستی کەناڵی وەرگرەوە، بۆیە لەمڕ پرۆسەیەدا خوێنەریش دەبێتە کارەکتەرێکی چالاک بۆ نواندن و جوان نیشاندانی دەقە ئەدەبییەکان.

**ئەوەندەمر عجز و شادی، وەصل و هیجران دیوە ئەی یار**

**لە ڕۆژی حەشرادا اصلا نەحاجەت جەننەت و** (صافی ٢٠٠٤: ١٦٩)

**عجز* شادی، وەصل * هیجران، جەننەت * نار:**

ئەمر وشانە دژیەکی فەرهەنگین، شاعیر لەژێر باری دۆخێکی دەروونیدا، باس لە دیدار و دابڕان دەکات. ئەمر باسکردنەی لەشێوەی دەمەتەقێیەکە لە غیابی یارەوە، دەیەوێت پێیٚ بڵێت ئەی یار ئەوەندەمر دیوە لە پەرێشانی و شادی، لە دیدار و هیجران، کە ئەمر دۆخە بۆتە مایەی ئەوەی کە بڵێت هیچ پێویستیم بە بەهەشت و دۆزەخ نییە، کاتێک لێرە هەموو شتێک تاقی دەکەمەوە. شاعیر کارسازانە ئەمر هونەرەی بەکارهێناوە و باری دەروونی خۆی تێدا گوزارشت لە هەڵچوون و داچوونە دەروونیەکانی خۆی دەکات و لە دۆخی سکاڵاکردندا ناسەقامگیری دەروونی شاعیر بۆ وەرگرەکانی دەقەکە دەردەکەوێ، بەمر هۆیەوەش لایەنی مۆسیقی ناوەوەی دەقەکەشی ڕێکخستووە، کە خوێنەر هەست بە واتایێکی بەهێز و زمانێکی دەوڵەمەندی شیعری دەکات.

### ٢-٣ هونەری دژیەکی کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵایەتیبوون ڕەهەندێکی فراوانە، هەر زانستێک و هەر پرسێک وەربگرین و بیخوێنینەوە، ڕاستەوخۆ ڕایەڵێکی کۆمەڵایەتی بۆ هەڵدەبەسترێت، چونکە تەواوی زانستەکان و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیاری و شارستانی پەیوەندییەکی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤیش بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و دواجار هەموو بیروبۆچونێک لەمەر مرۆڤە و بۆ مرۆڤیشە، کەواتە هەموو زانست و دیاردەکانی لەخزمەت مرۆڤایەتیدان. لە کۆمەڵناسی ئەدەبیشدا «دەقی ئەدەبی زیاتر مەبەستە نەک خود، لەمر چوارچێوەیەدا تایبەتمەندییەکانی ئەمر میتۆدە لەوەدایە، کە لە داهێنانی هونەریدا تاک بە تەنیا مەبەست نییە، بەڵکو بەرهەمر هێنان نیشاندانی وشیاری گشتییە، ئەمەش لە توانا و بیرکردنەوەی زەوی نووسەر دایە و لە کۆمەڵگەی خەڵکی جیاوازی دەکاتەوە»(لویس گۆڵدمان٢٠٠٩: ٥٩)، شاعیر وەک پێشەنگێکی مەعریفی و خاوەن سەرنجی گشتی، بەرپرسیاریەتی تێڕامانە گشتییەکانی هەڵگرتووە، ئەمەش دەچێتە خانەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی مێژوویی.

صافی هیرانی لەنواندنی هونەری دژیەکدا، بابەتە جیاوازەکانی لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە، ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقی ئەدەبیدا، جیهانێکی تایبەت و کەشێکی پڕ لەچێژ بۆ کەناڵی سێیەمر دروست دەکات، کەواتە خوێنەر چەقی بڕیاری هەستەکانە و دەتوانێت نواندنی تر لە هەڵسەنگاندن پێشکەش بکاتەوە، بەمەش دەق دەچێتە بارێکی تری هونەری و کە ڕەوتێکی مێژوویی بەخۆیەوە دەبینێت، بەهۆی ڕەخنەوە دەق دەچێتە خانەی مێژووەوە و گرنگی پایەی دەق باشتر دەخرێتەڕوو، شاعیر دەڵێت:

**قەط مەڵێن یار بێ وەفایە وا بەناهەق دەیکوژێ**

**بیکوژێ یا نەیکوژێ (صافی) فیداکاری دەکا** (صافی ٢٠٠٤: ١٥٥)

بیکوژێ * نەیکوژێ:

(بیکوژێ * نەیکوژێ) لە چاوگی کوشتن وەرگیراون، بەهۆی ئامرازی (نە) کراوە بە نەرێ، ئەم دێڕە شیعرە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، باس لە جۆرێک پەیوەندی دەکات لەنێوان یار و بەرانبەرەکەی، کە دۆخێکی وا نیشان دەدات، عەشق و خۆشەویستی بەهایەکی گرنگ دەردەخات، بەهاکەی لە بەرامبەر کردنی بێ وەفایی و فیداکارییەوە دەرخستووە ، کە هەردوو چەمکی مرۆڤایەتین و بنەماکانی دروستبوونی کۆمەڵ و جۆری کۆمەڵگاشی پێوە بەندە.

ئەم جۆری دژیەکە، هونەرکارانەیە، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی بە جۆرێکی زۆر ئاشکرا و ڕەوان بخوێندرێتەوە، لەگەڵێشیدا خوێنەر چێژ لە شیعرەکە وەردەگرێت.

**لە جیلوەی نفی و ئیثباتی تۆ وەک ( صافی) بە ڕۆژو شەو**

**دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم دەمێ (بێدار) و هۆشیارم** (صافی ٢٠٠٤: ١٧٠)

بێ هۆش * هۆشیار:

لەم دێڕە شیعرەدا هونەری دژیەکی وەک: (نفی * ئیسبات)، (ڕۆژ * شەو)، دەرکەوتووە، کە هەریەکەیان گوزارشت دەکەن لە ڕەهەندەکانی وەک فەلسەفی و پێوانە و گەردوونی، لێرەدا شاعیر زۆر کارزانانە پرۆسەکەی ئەنجامداوە و لەپاڵ ئەمانەشدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی وەک: (بێ هۆش * هۆشیار) بەکارهێناوە، ئەم هونەری دژیەکەش بە شێوەیەکی نافەرهەنگی پێشکەش کردووە، واتە دژیەکی دروستکراو بەهۆی ئامرازی (بێ) درووستبووە، کە چۆتە سەر وشەی فەرهەنگی (هۆشیار) و وشەیەکی نافەرهەنگی دروستبووە.

شاعیر دۆخی خۆی دەخاتەڕوو، کە دۆخێکێ کۆمەڵایەتییە، دەڵێت: بەڕۆژ و شەو لەنێوان دیاری و نادیاریدا، کە بووەتە ڕۆشناییەک و هەمیشە لەنێوان هۆشیاری و بێ هۆشیدام، ئەمەش دیاردەیەکی کۆمەڵایتییە بۆ شاعیر، چونکە پرۆسەکە لە خولگەیەکی ناتەبای دوو جەمسەریدایە، واتە کەسێک هەیە لەگەڵیدا بکەوێتە بارێکی بە بەڵگەی ئەوەی، کە لە شیعرەکەدا دەڵێ: لە ڕستەی نەفی و ئیسباتی تۆ بەکارهێنانی جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاک، ئاماژەیە بۆ هەبوونی کەسێکی دیکە، بۆیە دۆخەکە لە باری دەروونی خودییەوە دەگوازێتەوە سنوورێکی فراوانتر، ئەگەر بهاتبایە لەو خولگەیەدا هەر خۆییایە، ڕەهەندەکە دەکەوتە باری دەروونییەوە، ئەمەش پرۆسەیەکی ئاوەزییە و شاعیر وەستایانە ئافراندوویەتی.

### ٤-٢ هونەری دژیەکی بایۆلۆژی:

لە ئەدەبیاتدا ڕەهەندی بایۆلۆژی، کە بە واتای قۆناغی گەشەسەندن و دەرکەوتنی ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە ژیانی گەشەسەندنی مرۆڤەوە هەیە، بەشێوەیەکی هونەری دەردەکەوێت، یەک لەو هونەرانەش دژیەکە، کە کاریگەرییەکی ڕوونی هەیە لە جوانکردن و نیشاندانی دەقەکە و باسکردنی باری قۆناغی گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤ «دیاردە جووتە هاودژەکان ناوەندێکی پر کێشە و جموجۆڵ و هەوڵ و کۆشش لە پێناوی کەڵک وەرگرتن لەلایەنی چاک و سوودبەخشی هاودژەکاندا»(شارەزا١٩٨٧: ١٩) صافی هیرانی بەشێوەیەکی تێکچڕژاو و جێکردنەوەی باری پێویست باس لە دیاردە و پەیوەستەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات، کەواتە ئەدەب سیمای ژیانە، گۆشە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ دەخاتە نێو هاوکێشە جیاوازەکانی دەقەوە. وەک لەم نموونەیەدا دەڵێت:

**لەدەستی غەمی جەوانیم ڕۆیی پیری ڕووبەڕووم واهات**

**لەمەولا چۆن مودارا بێت و ئایا چۆن ئەبێ ژینم** (صافی ٢٠٠٤: ١٨٠)

جەوانی * پیری:

ژیانی مرۆڤ جگە لەوەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، پەیوستیشە بە بابەتی گەشەسەندن و قۆناغەکانی بەتەمەن داچوون، واتە تاقیکردنەوەی ڕۆژگارە لەنێو قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا، ئەم پرۆسەیەش پەیوەستە بە هەموو دیمەن و ڕووداو و گرانایيەکانی ژیانەوە، صافی شاعیر لە خستنەڕووی هەردوو وشەی (جەوانی * پیری)دا، کە دوو وشەی فەرهەنگین و کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر هەستی مرۆڤەوە هەیە، شاعیر لە زەمینەی ئەم دوو وشەیەدا باس لە قۆناغی جیاوازی تەمەن دەکات، لەپاڵیشیاندا باسی ئەو هێز و توانایە دەکات، کە مرۆڤ تاقییان دەکاتەوە. لە ڕێی مناجاتێکەوە دەدوێت و لە ڕێگەی دڵی خۆیەوە باس لە گەنجی و پیری مرۆڤ دەکات، ئیتر مرۆڤ کاتێک تەمەنی گەنجی هێلا و گەیشتە تەمەنی پیری، چۆن بتوانێت کار و پێویستییەکانی خۆی جێبەجێ

بکات، ئیتر پێی وایە ئەم قۆناغە چ قۆناغێک بێت و لەمەوبەدوا ژیان چۆن دەبێت و سەختییەکان چۆن هیلاکمان بکەن، شاعیر دەڵێت:

**ئەی فەلەکا خەتام نییە کینەیی تۆ لە من چییە**

**زولمی وا کەس نەکردییە، دەرهەق بەمن لە ئینس و جان** (صافی ٢٠٠٤: ١٨٨)

ئینس * جان:

ئەم دوو وشەیە، وشەی فەرهەنگین، واتە دژیەکی فەرهەنگین و شاعیر لە دێڕە شیعرەکەیدا بەکاری هێناون، شاعیر باس لە دوو پێکهاتەی گرنگی بایۆلۆژی وەک (ئینس * جان) دەکات، کە دەستی کاریگەر و سەرسوڕهێنەریان هەیە لە هەڵسوڕانی خانە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ و ڕووداوە سەسوڕهێنەرەکانی تەندروستی دەروونی و جەستەییەوە.

**٢-٥ هونەری دژیەکی تەندروستی:**

تەندروستی، کە بەشێوەیەکی گشتی دۆخی باش و خراپی جەستەیی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەم ڕەهەندە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە، کەواتە بەشێکی گرنگ لەنێو دەقی ئەدەبیدا پێکدەهێنێت، دەقی فۆلکلۆری و ئەدەبی میللی و دەقە هزری و داهێنراوەکانیش ئەم ڕەهەندەیان لەخۆ گرتووە.

صافی شاعیر هونەروەرانە ئەم ڕەهەندەی خستۆتە نێو دەقەکانییەوە، چونکە بواری تەندروستی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی کۆمەڵەوە هەیە و کاریگەری لە بوارە جیاوازەکان دەردەکەوێت، شاعیر توانیویەتی لەشێوەی جیاوازی تەکنیکی بابەتەکەی پێشکەش بکات، وەک دەڵێت:

**چونکی موددێکە لەیاری با وەفا دوور کەوتووم**

**قوتی شیرینم درێغا وا لە ژەهری مارییە** (صافی ٢٠٠٤: ٢٢٧)

شیرین * ژەهر:

هەردوو وشەکە وشەی فەرهەنگین، واتە دژیەکی فەرهەنگی دروستبووە، شاعیر باس لە دوورکەوتنەوە و دابڕان دەکات لەگەڵ یارەکەی، ژیانی بەجۆرێک لێهاتووە، کە کاریگەری خستۆتە سەر، کە خواردن و ڕێکی جەستەی بە شێوەیەکی تەندروست بەڕێوە ناچێت. هەردوو وشەی (شیرین * ژەهر)، کاتێک کە سیاقی خواردن و تامکردن هات، ئەوا ڕەهەندێکی تەندروستی وەردەگرێت، چونکە ناتوانێت وەک سەردەمانی زووی چێژ لە هەموو شتێک بکات، کەواتە وەک جاران ناتوانێت چێژ لە خواردن و خواردنەوە بکات، جا هۆکار پیری بێت، یان تێکچوونی تەندروستییەکەی.

**خەبەری دەردم چەند دا طبیبان**

**دەرمانیان نەکرد زامی غەریبان** (صافی ٢٠٠٤: ٢٦٩)

**دەرد * دەرمان:**

دەرکەوتنی هەردوو وشەی (دەرد، دەرمان)، لە شیعرەکەدا خستنەڕووی ناجێگیری دۆخی تەندروستییە، شاعیر لە سۆنگەی نیشاندانی بارودۆخێک، کارزانانە هونەری دژیەکی فەرهەنگی بەکارهێناوە، لەم دەقەدا باردۆخی ناسەقامگیری تەندروستی و شڵەژانی باری دەروونی دەردەکەوێت، کە بەهۆی بە هاناوە نەهاتنی تەبیب و یارانەوەیە.

**ئەی ڕەفیقان عیللەتی دووریمە دەستم لێ مەدەن**

**قەت شیفای نایێ برینم تا نەگاتە دەستی یار** (صافی ٢٠٠٤: ١٦٢)

عیللەت * شیفا:

بوونی هەردوو وشەی (عیللەت * شیفا)، لە دێڕە شیعرەکەدا، وەکو وشەی دژیەکی فەرهەنگی دەرکەوتوون، ئەم دوو وشەیە گوزارشتن لە دۆخ و ڕەهەندی تەندروستی مرۆڤەوە، دووری دۆخێکی دەروونی ئاڵۆزە و کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر تێکچوونی باری تەندروستی بەشە جیاوازەکانی لاشەی مرۆڤەوە.

**٢-٦ هونەری دژیەکی ئاینی:**

ئاین ڕەهەندێکی عەقلانی و ڕۆحییە، پەیوستە بە ئاکار و دابی خودی مرۆڤەکانەوە، کەواتە ئاین لەپاڵ ڕەهەندە عەقلانی و ڕۆحییەکەی، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیشی هەیە، ئەم ڕەهەندە بەهۆی گەشەسەندنییەوە، خزاوەتە نێو چەمک و تێڕوانینی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵناسی جیاواز و ئیتر لەشێوەی تێگەیشتن و تێمای جیاوازەوە، بە تەکنیکی جۆراوجۆر خزاوەتە نێو دەقی

ئەدەبییەوە، تەنانەت لە ژانر و قۆناغی جیاوازی ئەدەبییەوە دەردەکەوێت، ئەمەش ئاماژەیەکە لە بەکۆمەڵایەتی بوون و دەرکەوتنی کاریگەری ئاین بەسەر کۆمەڵگا و ژینگەکەیەوە. تەنانەت هیچ کێشەیەکیش لەنێوا ئاین و ئەدەبدا بەدی ناکرێت، بەڵکو «گەورەترین بەڵگە بۆ بەهێزی پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئاین ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز چەندین جار باسی شیعر و شاعیرانی کردووە»(میران٢٠١٣: ٥)، کەواتە ئاین پاڵپشتیەکی بەهێزە بۆ دەقی ئەدەبی، کاتێک ئەدەب لەپێناو کۆمەڵگایەکی تەندروست و ئاکار بەرز بنووسرێت، وەک ئەم ئایەتەی، کە خوای گەورە دەفەرموێت: «بل قالوا اضغاث أحلام بل أفتراه بل هو شاعر فلياتنا بأية كما أرسل ألاولون»(١)الانبياء، شاعیر دەڵێت:

**(صافیا) کافیمە بۆ دونیا و قیامەت یاری خۆم**

**چیم لە باسی عالەمە؟ هەر ذیکری ناوی ئەو دەکەم** (صافی ٢٠٠٤: ١٧٦)

دونیا * قیامەت:

ئاین لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا پانتاییەکی فراوانی عەقلانی وەرگرتووە، ئەم پرۆسەیەش جەوهەرێکی ئەدەبی گرنگی دروستکردووە. (دونیا، قیامەت)، دوو وشەی دژیەکی فەرهەنگین، ڕاستە دوو وشەی دژیەکن بەڵام لێرەدا هاوتەریبن (موازين)، چونکە لە دونیا ولە قیامتدا هەر هەمان شتی دەوێ ، دوو شتی جیاوازی ناوێ شاعیر لە سیاقی مناجات و یادی خوادا بەکاریهێناون.

**٧-٢ هونەری دژیەکی تەسەوف:**

تەسەوف جۆرە ڕێبازێکی ئاینییە و ڕۆڵ و ڕۆژگارێکی دوور و درێژی لەگەڵ هەندێک لە شوێنکەوتووانی ئایندا هەیە، ئەم ڕێبازە بە مەبەستی جێبەجێکردنی سروت و بنەماکانی ئاین و نزیکبوونەوە لە نوور و بەزەیی خوا پەیڕەوی لێ دەکرێت.

دوای گەشەسەندنی تەسەوف و دواتر لێکدانەوەی قووڵی بۆ کرا و حیکمەتی فراوانی لێ خوێندرایەوە، شاعیرانمان ئەم چەمک و ڕەهەندەیان وەک پرسێکی ئاینی لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا جێکردەوە و لە ڕێگە و بنیاتی هونەر و تەکنیکی جیاوازەوە ڕەهەندەکە پێشکەشکرا. صافی هیرانی دەڵێت:

**ڕوح مەستە لە راحی تۆ لەنێو عالەمی ئەرواح**

**باطن لە (بلّی) دایەوو ضاهیر لە (نعم)دا** (صافی ٢٠٠٤: ١٤١)

باطن * ضاهیر:

شاعیر لە ڕێگەی هونەری دژیەکی فەرهەنگی وەک وشەکانی (باطن * ضاهیر)دا توانیویەتی گوزارشت لەو پایە و ستایشە بکات، کە چۆن شوێنکەوتووانی تەسەوف دەگەن بە مەقامەکە، لە یاد و بیری خوادا مەست و بێ هۆش دەبن، واتە دەیەوێت ڕۆڵی خواپەرستی لەنێوان ئاشکرا و شاراوەدا ستایش بکات، ئەم جۆرەشیان بە شێوەیەکی دیار و پەیوەست، تەنیا لەنێو کۆڕ و ڕێبازی تەسەوفدا دەردەکەوێت. هەروەک لە دیوانەکەی صافیدا، (محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی) لە پەراوێزی دیوانەکەدا ئاماژەی بەم زاراوانە داوە و دەڵێت: «(بلی)، (نعم) دوو حەرفی جەوابن لە وەڵامی پرسیار بەکار دێن»(هیرانی٢٠٠٤: ١٤١)، نووسەر ئەمەی لە شیکردنەوە دەقەکەدا بەکارهێناوە، هەروەها دەڵێت: بە«(بەڵا و نیعم) بخوێنرێتەوە، ماناکەی بەم شیوەیە دەبێت: لەبەر ئەو مەستییەی ڕۆژی (الست) کە خوا فەرمووی (الست بربکم) دڵم هێندە لە حالاتی مەستی و خرۆشی دایە، بە ئاشکرا خەڵکی بەکەیف خۆشی و جەستە ساغم ئێدەگەن، کەچی من لە ژوورەوە دەردوبەڵا دڵ و دەروونی داگرتووم، ئێعم بەم مانایە کۆی نیعمەتە»(هیرانی٢٠٠٤: ١٤١)، هەروەها نووسەر بەم شیوەیە ئاماژەی داوە بە مانای هەردوو وشەی باطن: بزر و نادیار، لە ژوورەوە، ضاهر: ئاشکرا و لەسەرەوە.

**٨-٢ هونەری دژیەکی فەلسەفی:**

دەرکەوتنی چەمکی فەلسەفی لە ئەدەبدا، زادەی بیرکردنەوەی عەقلی و قووڵ بوونەوەی مرۆڤە لە گەردوون و بابەتە ژیارییەکاندا، ئەدەب گرنگی و بەهایەکی زۆری خستۆتە سەر فەلسەفە و خوێندنەوەی حیکمەتەکان، بۆیە «زەینی ئادەمیزاد بەردەوام لەگەڕ دایە، بەهۆی کارەوە، دەتوانین ماناو وێنەی پێ ببەخشین»[سارتەر٢٠٠٩: ٢٠]، کەواتە شاعیر و نووسەرانمان دەتوانن بەشێوەیەکی کارزانانە حیکمەتەکان بخەنە تای تەرازووی بیرکردنەوە و لە دەقدا پیشکەشیان بکەن، ئەمەش خزمەتکردنێکی عەقلانییە بە چەمک و ڕەهەندە جیاوازە ژیارییەکان. شاعیر دەڵێت:

**دڵ وا لە بەر ئازاری وەکوو نقطەیی زارت**

**گاهێ لە وجوودا هەیە و گاهێ لە عەدەمدا** (صافی ٢٠٠٤: ١٤٢)

وجوود * عەدەم:

ئه‌م دوو وشه‌یه ده‌رخستنی بوارێکی فه‌لسه‌فییه له‌نێو ده‌قه‌که‌دا، شاعیر له‌شێوه‌ی هونه‌ری دژیه‌کی فه‌رهه‌نگی خستۆتیه‌ڕوو، شاعیر به‌شیوه‌یه‌کی فه‌لسه‌فییانه له‌به‌ر ڕۆشنایی هونه‌ره‌که‌وه باس له وجوود و عه‌ده‌مییه‌تی مرۆڤ ده‌کات.

### ٢-٩ هونه‌ری دژیه‌کی پێوانه و گه‌ردوونی:

ئه‌م جۆره دژه ڕاته‌کاندنی گه‌ردوونه، به مه‌دار و هێڵه جوداکانه‌وه، مرۆڤ هه‌میشه له کاری جیاواز و ئه‌رکی جیاوازدا، پێویستی به دیارده گه‌ردوونیه‌کان هه‌بووه و به‌رده‌وامیش له‌گه‌ڵ ڕه‌وته‌کانی ژیانیدا ڕه‌وی بووه. ئه‌وه‌ی جێگه‌ی سه‌رنجه، مرۆڤ له‌نێو چه‌مک و قه‌بلاندنه ژیاری و کۆمه‌ڵایه‌تی و مه‌عریفییه‌کاندا، ئه‌م چه‌مکانه‌ی خستۆته کار و له پرس و دۆخی مه‌به‌ستداردا به‌کاریهێناوه. ئه‌م چه‌مکانه لای مرۆڤ، به‌تایبه‌تی لای شاعیر و نووسه‌ره‌کان«له ناو ده‌ربڕین و ڕسته‌کانی دا سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن، به‌ڵام له‌کاتی به‌کارهێناندا خۆیان ده‌خزێننه بواری جیاوازه‌وه»[شاره‌زا١٩٨٢: ٢٩]،

**شه‌وی هیجران له‌به‌ختی دڵ درێژه**

**که ڕۆژی تالعیشی تاره بێ تۆ** (صافی ٢٠٠٤: ٤٣)

شه‌و* ڕۆژ:

دوو وشه‌ن وه‌ک ناو پێناسه‌ی دوو کاتی جیاواز ده‌که‌ن، به‌ها و سوودی زۆریان له گه‌ردوون هه‌یه و هاوکارێکی به‌رچاون له ژیانی مرۆڤایه‌تیدا، وه‌ک چه‌مکیش له‌نێو ده‌قی ئه‌ده‌بیدا به هه‌مان مانا و به ڕه‌هه‌ندی جیاوازیش ده‌رده‌که‌ون، واته شاعیر له‌مه‌ر ئه‌و وشانه سه‌ربه‌ستانه ده‌توانێت گوزارشت له ئامانج و بۆچوونی خۆی بکات. صافی هیرانی ئه‌م دوو وشه‌یه‌ی زۆر به‌کارهێناوه، شاعیر له‌م دێره‌دا باس له کۆچ و سه‌فه‌ری درێژ ده‌کات، کاتێک باس له هه‌ڵهاتنی خۆری ڕاسته‌قینه ده‌کات پێی وایه، هێشتان دونیا تاریک و تارماییه به‌بێ ده‌رکه‌وتنی تۆ.

**فاریغ نه‌بوو یه‌ك لحظه ئه‌گه‌ر زۆرو ئه‌گه‌ر که‌م**

**ئاشوفته‌وو پڕ شۆڕش و غه‌وغایه دڵی من** (صافی ٢٠٠٤: ٢٧٨)

زۆر* که‌م:

ئه‌م دوو وشه‌یه دژیه‌کی فه‌رهه‌نگین، گوزارشتن له پێوان و دیاریکردنی بڕ له‌هه‌ر شتێکدا، شاعیر سه‌رنجی وردی خۆی داوه له‌وه‌ی، که دڵه‌که‌ی هه‌میشه به‌تاڵ نییه و له‌بیری ئه‌و دایه، جا ئه‌و بیرکردنه بڕه‌که‌ی هه‌رچه‌ند بێت، به‌ڵام به‌رانبه‌ره‌که‌ی دڵنیابێت که دڵه‌که‌ی به ڕێژه‌یه‌کی (زۆر، یان که‌م)، له یادکردنه‌وه‌ی دایه.

## ٣. داتای دژیه‌کی فه‌رهه‌نگی و دژیه‌کی نافه‌رهه‌نگی

### ٣-١ داتای دژیه‌کی ئه‌رێ و دژیه‌کی نه‌رێ:

له‌م ته‌وه‌ره‌یه‌دا، هه‌وڵدراوه له ته‌واوی شیعره کوردییه‌کانی (صافی هیرانی) دژیه‌کی ئه‌رێ و دژیه‌کی نه‌رێ به‌شێوه‌ی ئاماری و داتا دیاری بکه‌ین و لاپه‌ڕه‌ی هه‌موو دێڕه شیعره‌کان ده‌ستنیشان بکه‌ین. له کۆی شیعره کوردییه‌کانی صافی شاعیردا (٣٩٧) به‌یته شیعر و (١) غه‌زه‌ل و (٢٧) چوارینه و (٨٨) پێنج خشته‌کی: له (٧٢) دێڕه شیعردا دژیه‌کی ئه‌رێ و له (١٧) دێڕه شیعردا دژیه‌کی نه‌رێ هه‌یه. هه‌روه‌ها ئه‌و دژیه‌کانه‌ی به چ ئامرازێک بوونه‌ته نافه‌رهه‌نگی و دروستکراو له خشته‌یه‌کدا به داتاوه دیاری کراوه.

خشته‌ی یه‌که‌م

| دژیه‌کی ئه‌رێ | دژیه‌کی نه‌رێ |
|---|---|
| (صافی) تۆی شادی به ئاوی چاو ده‌چێنێت و که‌چی | قه‌ط مه‌ڵێن یار بێ وه‌فایه وا به‌ناهه‌ق ده‌یکوژێ |
| چی بکا له‌م طالعه خاشاکی خه‌م وا شین ده‌کا 146 | بیکوژێ یا نه‌یکوژێ (صافی) فیداکاری ده‌کا ١٥٥ |
| دڵ ئه‌مه‌کداره و که‌چی مه‌حبوبه ئازاری ده‌دا | زه‌مانی له‌زه‌تی ڕۆیی و ده‌وری زیلله‌تی وا هات |
| خه‌ڵقی بۆ بێگانه وایه ئه‌و له‌گه‌ڵ مه‌حره‌م ده‌کا 151 | ئیتر یاران له‌مه‌ولا ڕوو له دڵداری نه‌کا چ بکا؟ ١٤٧ |
| وا سه‌راسه‌ر ڕووی زه‌مینی گرتووه خوێناوی ئه‌شک | له ئاهی گه‌رمه‌وه وا لیو به‌بار و خشکه ئێستێکه |
| دوودی ئاهیش ڕۆژی پۆشی و ئاسمان تاری ده‌کا154 | له عه‌ینی چاوه‌کانی خوێن و ئاو جاری نه‌کا چ بکا؟ ١٤٧ |
| شه‌وی هیجران خه‌یاڵی یار ده‌کا اصلا خه‌وی نایێ | شه‌وی هیجران خه‌یاڵی یار ده‌کا اصلا خه‌وی نایێ |
| به‌یادی ڕۆژی وه‌صلی حه‌ز له بێداری نه‌کا چ بکا؟ 148 | به‌یادی ڕۆژی وه‌صلی حه‌ز له بێداری نه‌کا چ بکا؟ ١٤٨ |
| دڵم عه‌یبی نییه گه‌ر ڕووی زه‌مین ته‌ڕکا به خوێنی ئه‌شک | به کوفری زولفی ڕێی ئیسلامی به‌ستووه بۆیێ دڵ ئێستێ |

بەئاهی ( دوندک)یش ئاسمان تاری نەکا چ بکا؟ ١٤٨
مەڵێن دڵ بێ هەوار و ترسنۆکە با بەتاڵان چی
لەلای خۆی ویش عەگید و خانەدان و پێگە سالارە ١٩٨
بەعضە جاران عالم و عامل و عابد خۆیەتی
وەقتی جەهل و فیسقی زۆرە، عالەمێ لۆمەی دەکا ١٥٦
وادیێ عیشقت ئەوەندە دوورە بەڕۆژ تەی ناکرێ
پەیکی دڵ بۆیێ سکون نابی بەتاو شەوڕۆ دەکا ١٥٤
ڕوح مەستە لەڕاحی تۆ لەنێو عالەمی ئەرواح
باطن لە (بلی) دایە و زاهیر لە (نعم)دا ١٤١
دڵ وا لەبەر ئازاری وەکوو نقطەیی زارت
گاهێ لە وجوودا هەیە و گاهێ لە عەدەم دا ١٤٢
دەردی دووری بەو تبیبانە عیلاجی ناکرێ
(زام تقدیر ازل بادارویی لقمانی چکار)؟ ١٦١
ئەی ڕەفیقان عیللەتی دووریمە دەستم لێ مەدەن
قەت شیفای نایێ برینم تا نەگاتە دەستی یار ١٦٢
من گەدایی کۆیی یارم پادشاهیم کەی دەوێ
دەوڵەتی دونیا و قیامەت بۆ چمە بێ چاوی یار ١٦٢
ئەگەر دەرمان نەکا بیماری یێ دڵ بێ وەفا یارم
لە دەردی بێ دەوا گەر چاوەڕێی لوقمان نەکەم چ بکەم؟ ١٧٢
طبیب نێت و دەوای دەردم نەدا چارم نییە (صافی)
بەمردن گەر عیلاجی دەردی بێ دەرمان نەکەم چ بکەم؟ ١٧٢
(صافیا) کافیمە بۆ دونیا و قیامەت یاری خۆم
چم لە باسی عالەمە هەر ذیکری ناوی ئەو دەکەم ١٧٦
ئەشکی چاوم ئەرزی داگرت دوودی ئاهم ئاسمان
بۆیە وا ڕەش داگەڕا لەو ئاهی ئاتەشبارەکەم ١٧٨
لە دووریت لەززتی من پایەماڵی زیللەتی هەردەم
حەیاتم بێ جەماڵی تۆ مەماتی ژینە ئەی یارم ١٦٩
ئەگەر شەمعی ویصالی تۆم نەبێ ڕۆژم شەوی تارە
بینایی نووری چاوانم ئەتۆی ماهی ضیادارم ١٦٩
ئەوەندەم عجز و شادی، وەصل و هیجران دیوە ئەی یاران
لە ڕۆژی حەشرادا ئەصلا نەحاجەت جەننەت و نارم ١٦٩
لە جیلوەی نفی و ئیثباتی تۆ وەک ( صافی) بە ڕۆژ و شەو
دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم دەمێ بێدار و هۆشیارم ١٧٠
لەدەستی غەم جەوانیم ڕۆیی و پیری ڕوو بەڕووم وا هات
لەمەولا چۆن مودارا بێت و ئایا چۆن ئەبێ ژینم ١٨٠
لەدەردی دڵ لە جەرگی کوڵ لەداخی سینەکەی سووتاو
بەڕۆژ داد و ڕۆڕۆیە، لە شەودا شیوەن و شینم ١٨٠
بەڕیشی سپیەوە یاری نەکردم بەختی ڕەش جارێ

وەکوو صنعائی دائم مەیلی زیننارى نەکا چ بکا؟ ١٤٨
دڵم عەیبی نییە گەر ڕووی زەمین تەڕکا بە خوێنی ئەشک
بەئاهی (دوودناک)یش ئاسمان تاری نەکا چ بکا؟ ١٤٨
هەوای یاری لەسەر دەرناچێ اصلا لەو جەفای دووری
دڵی بێچارەکەم هەردەم وەفاداری نەکا چ بکا؟ ١٤٩
لەلایی فیرقەتی یار و لەسوویی میحنەتی ئەغیار
لەهەردوو لا دڵی مسکین ڕەجاکاری نەکا چ بکا؟ ١٤٩
ئەگەرچی بێ وەفا یارم جەفای دا ئەو دڵی مسکین
وەکوو (صافی) لە بەدبەختی فیداکاری نەکا چ بکا؟ ١٤٩
بە کینەی من دووبارە چەرخی کەچ مەداری کرد
منی بێ طالیعیش بەو نەوعە گەر دەوران نەکەم چ بکەم ١٧١
بەبێ یارم حەیات تەڵخ و ئەجەل شیرینە ئێستاکە
لە عیداگەر ڕوحی شیرینی خۆم قوربان نەکەم چ بکەم؟ ١٧١
وەکوو دەوری فەلەک دائیم یار نەبەم یاران
فەرامۆشیم بەکێ دێ دڵ کە سەرگەردان نەکەم چ بکەم؟ ١٧١
وەکوو یوسف لە زیندانی غەما حەپسی عەزیزێکم
لەبۆ تەسکینی جارێ ڕوو لەلای کەنعان نەکەم چ بکەم؟ ١٧٢
ئەگەر دەرمان نەکا بیماری دڵ بێ وەفا یارم
لە دەردی بێ دەوا گەر چاوەڕێی لوقمان نەکەم چ بکەم؟ ١٧٢
طبیب نێت و دەوای دەردم نەدا چارەم نییە (صافی)
بەمردن گەر عیلاجی دەردی بێ دەرمان نەکەم چ بکەم؟ ١٧٢
مەنوارە وەفایی من بنوارە جەفایی من
عالەم لەسەدایی من هەردەم لە جەزایێکە ٢٦٤
لەلایێ ئارەزووی وەصل و لەلایێ دڵشکستی یار
گوریس ناگا بەیەک لا چۆن ئەگا گەر بێ بەدوو لایی ٢٥٥
لە جیلوەی نفی و ئیثباتی تۆ وەک ( صافی) بە ڕۆژ و شەو
دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم دەمێ بێدار و هۆشیارم ١٧٠

| | |
|---|---|
| منیش بۆیە کە عادەت عاجزیی و ڕەسمە ناڵینم ١٨١<br>لە ئەم ژینە گەلێ بێزار و لەمر مانە پەشیمانم<br>بەبێ ڕەحمت لە دونیا و ئاخیرەت لامر وایە گومراهم ١٨٢<br>گەدایی تۆمر گەلێ بۆ خۆشترە لەو مسندی شاهی<br>ئەوەندەمر کافیە قوربان کە عەبدی ژێری دەرگاهم ١٨٣<br>لە سیلەی ڕەحمە گەر قاصد بە توحفێکی سەلامت بێ<br>لەژێر پێی قاصیدت جانا بەسەر خاکی قەدەمگاهم ١٨٣<br>لەبەر چاوی کاڵت لە عیشقی جەمالت<br>دەمێ شەیدامر دەمێ ڕیسوامر عەزیزم ١٨٦<br>(صافی) لە دەردی فیرقەتە چارەیی حاڵی زەحمەتە<br>زامی بەئێش و ئەزیەتە دڵ بەبرین و ئێش و ژان ١٨٨<br>فاریغ نەبوو یەک لحظە ئەگەر زۆر ئەگەر کەمر<br>ئاشوفتە و پڕ شۆڕش و غەوغایە دڵی من ٢٧٨<br>خەبەری دەردمر چەند دا تەبیبان<br>دەرمانیان نەکرد زامی غەریبان ٢٦٩<br>ئەی فەلەکا خەتامر نییە کینەیێ تۆ لە من چییە<br>زولمی وا کەس نەکردیە دەرحەق بە من لە ئینس و جان ١٨٨<br>شەوی هیجران لەبەختی دڵ درێژە<br>کە ڕۆژی طالعیشی تارە بێ تۆ ١٩٢<br>ئەی کاش شەوی هیجران بوو بە صباح الخیر<br>چونکێکە کە لە ڕۆژی ڕووی مەیلی نەضەرێکمر بوو١٩٠<br>دەفعەیێ بۆ سەر نەخۆشانت ئەگەر بێی ئەی طبیب<br>دەردەدارانت لە خۆشی تۆ شیفایان هاتووە ٢١٦<br>لە دامێنی زوڵفت چ نوورێک عەیانە<br>لە ئاخیری شەودا سەفیدەی بەیانە ٢٠٩<br>ڕۆژی هیجران تازییە یاخۆ شەوی بەختی منە<br>یا لەسەر ڕووی زوڵفی شێواوێتی دێ و دەخولێتەوە ٢١٨<br>ئەوا طابووری غەمر ئامادەبوو بۆ سەر دڵی مەحزوون<br>ئومێدی عەیش و شادیم چوو فیراقی یار قوماندارە ١٩٤<br>عیلاجی دەردی بێ دەرمانی من ناکرێ بەهیچ لوقمان<br>مەگەر شۆخی وەفادارمر دەوا کا ئەو بریندارە ١٩٥<br>مەزرەعەی دڵ تۆیی شادی قەت مەفەرموو شین دەکا<br>تا لە هەوری بەختی من دائم بێ ئەو عەمبارییە ٢٢٦<br>شەو بەبێ شەمعی روخت پڕ ضوڵمەتە خانەی دڵم<br>ڕۆژ بەبێ ڕۆژی جەمالی تۆ سیاە و تارییە ٢٢٦<br>چونکی موددێکە لەیاری بە وەفا دوور کەوتووم<br>قوتی شیرینمر درێغا وا لە ژەهری مارییە ٢٢٧<br>(نزهەتا) سا دەردی (صافی) هەر لە دوو لا دێ شیفای<br>یا بە وصلی ڕوویی یارە، یا بە لوتفی بارییە ٢٢٧ | |

| | |
|---|---|
| ڕۆژ لە فیکری عارزی خۆراکی من خوێنی دڵە<br>شەو بەیادی زوڵفەکانی نووستنم بێدارییە ٢٢٩<br>دڵ نەفامە گەر بڵێ عەقڵم بۆ لای لەیلا دەچم<br>هەر بەمجنونی دەگا پێی قوڕ بە عەقل و هۆشییە ٢٢٩<br>دۆستان بۆم کەن دوعایە زامەکەی دڵ پڕ جەفایە<br>قەت خەیاڵ ناکەم شفایە دڵبەرا دڵ بێ قەرارە ١٩٣<br>لەلایێکی جەفای یار و لە جایێکی بەڵای ئەغیار<br>(تجنب) لازمە ( صافی) چ لەم لاوە چ لەولاوە ٢٣١<br>بێ دەوایی وەصلەکەت دەردم عیلاجی ناکرێ<br>دەردی بێ دەرمان هەتاکەی؟ دەرد و دەرمانم وەرە ٢٠٠<br>دەردی من بەو چاوە بیمارەت ئەگەر دەرمان نەکەی<br>چۆن بە ئومێدی شفا بم لەو دڵەی وەک بەردەوە ٢٢٠<br>ئاسمان حەسرەت لە بۆ ئەرضی دەکێشێ دائما<br>چونکی بورجی ڕۆژ و مەە چاکی گریبانی توە ٢٣٣<br>کە زوڵفی عارضي داگرت و ڕۆژی ڕوونی کرد ئاو<br>عجیب سیرڕێکە لەم کوفرە کە ئیمانی لەنێو داوە ٢٠٤<br>لە شەرقی شەوقی وەصلت شەمسی عومرم وا غروبی کرد<br>لەمەولا چۆن ئەبێ ژینم کەوا مەحشەر هەڵستاوە ٢٠٥<br>نیگار فەرمووی لە عیشقی خۆمە ( صافی)م کوشتبوو ئەمما<br>موحەیەر مام چ سەگ مەرگێکە ئێستاکەش دەڵێن ماوە ٢٠٦<br>ئەوەی دەردی فیراق پێی کردووم ئەصلا بەیان نابێ<br>لەنێو ئیسلامەوە نەبووە لەلای کافر نەقەوماوە ٢١٣<br>دەوای وصلی نەبێ أصلا شیفای دەردی دڵم نایێ<br>لەڕێگەی خوا عیلاجێکم بکەن تاکوو نەفەس ماوە ٢١٣<br>گەە عاقڵ و فەرزانە گەە وا لەو حەیرانە<br>ئایا دڵی دێوانە جێگەی لە چ لایێکە ٢٥٩<br>تۆ ناصحی نادانی بەو عەقڵە پەرێشانی<br>ئەو کوفر و موسڵمانی گشتی لە هەوایێکە ٢٦٠<br>ئەو عالەمە نەیرەنگە دەیبینی کە چەند دەنگە<br>سەر پاکی جودا ڕەنگە لەو باوک و دایێکە ٢٦١<br>نیعمەتی دونیا بەمایە کەی حیسابە بۆ دڵم<br>بێ مەتاعی چاوەکەی سوود و زیانم بۆ چییە؟ ٢٢٦<br>گەر غوڵامیم پێ کەرەم کا پادشاهیم کەی دەوێ؟<br>جێم لەبەر دەرگانە بێ ڕوتبە و نیشانم بۆ چییە؟ ٢٢٤<br>کە هەرچیم من بەسەرهات لەو وەفای دڵ بوو جەفای یارم<br>لەبەینی هەردوو لاودا خوێنەکەم وا چوو بەخۆڕایی ٢٥٦<br>بەزمت شیفایە سادەی بۆم لێدە بەربوطو نەی<br>ئەو دەردی دڵ هەتاکەی چی ماوە عومری فانی ٢٤٧<br>ساقی لە دڵ حەزەرکە چارەم لە دەردی سەر کە | |

| | |
|---|---|
| جارێکی یەک نەزەرکە بۆ (صافی) هیرانی ٢٤٨<br>جوزئێکی سیفاتە دوو جیهان ئەوەل و ئاخر<br>سیرڕێکە لە ذاتە چ خەفا بێ چ جەلا بێ ٢٣٩<br>لە ڕووی دۆستی جارێ بنۆڕە ئەشکی خوێناوم<br>ئەگەر فەرزا عەدو بێتن، ببینێ چارەیی چاوم ٢٨٧<br>لە دەردی بێ دەوا بوویمە غەریب و شوهرەیی شاران<br>دوعامان بۆ بکەن ئێوە و خودا زومرەی وەفاداران ٢٨٨<br>لە ڕاست من گوێ مەدەن بەقسەی ڕەقیب و قەولی بەدکاران<br>مەڵێن (صافی) کە ئێستێکە لەیادی یار نییە یاران ٢٨٨<br>شادێ قەلبی حەزینم نووری چاوانم ئەتۆی<br>مەرهەمی زام و برینم دەرد و دەرمانم ئەتۆی ٢٥٣<br>وا لە تاریکی فیراقت ڕێگەکەم ون کردووە<br>شەمعی بەزمی جان و دڵ ماهی درەخشانم ئەتۆی ٢٥٣<br>ئەگەر سوڵتانی دونیا بێ گەدای دەرگانەکەی تۆیە<br>بەنازی خۆت نیازی پێ کەرەم کەی (صافی) هیرانی ٢٤٦<br>هەموو شەو ناخەوم تا ڕۆژ بەئومێد وەصل وا فەوتاوم<br>ئەما چیبکەم کە جارێکی نەهات ساقی بەبادە و جام ٣٠٠<br>دڵی زارم لە دەرسی عیشق دا پیر و جەوان نابێ<br>کە حەپسی حەلقەیی زولفی توە بۆ من زیان نابێ ٣٠٠ | |

لە خشتەی یەکەمدا، کە داتایەکە بۆ دیاریکردنی دژیەکە ئەرێییەکان، شاعیر توانیویەتی بەهۆی چەند وشەیەکی جیاوازەوە مەبەستە شیعرییەکانی خۆی لەڕێگەی هونەری دژیەکی ئەرێوە بگەینێت، لەم تەکنیکەشدا شاعیر توانیویەتی ئاوازی ناوەوەی شیعرەکان ڕێکبخات، زۆرترین وشەی دژیەکی ئەرێ، کە بەکاری هێنابێت، (دەرد * دەرمان) ١٢ جار بەکارهاتووە، (شەو * ڕۆژ) ١١جار بەکار هاتووە. (زەوی * ئاسمان) ٤ جار بەکار هاتووە.

خشتەی دووەم

داتای ئەو دژیەکانەی بەهۆی ئامرازەکان بوونەتە نەرێ، یاخود دژیەکی نافەرهەنگی دروستبوون.

| ئامرازەکان | ژمارەی دژیەکی دروستبوو |
|---|---|
| نە | ١٤ |
| نا | ١ |
| مە | ١ |
| بێ | ١ |

لە خشتەی دووەمدا، کە داتایەکە بۆ نیشاندانی دژیەکی نەرێ، کە ١٧ جار دووبارە بۆتەوە، زۆرترین جار ئامرازی نەرێی (نە)یە، کە کاری (بکا * نەکا) لە دێڕە شیعرەکان (١٤) جار لە دێڕە شیعری جیاواز بەکار هاتووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرواو و مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە جوان بکات و خوێنەر هەست بە چێژی شیعری بکات.

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، وەک:

1- صافی هیرانی لە شیعرەکانیدا گرنگی بە هونەری دژیەک داوە و زۆر کارزانانە لەنێو دەقدا هەردوو دژیەکی فەرهەنگی و نافەرهەنگی بەکارهێناوە.

2- هونەری دژیەک بە جۆرە جیاوازەکانییەوە، لە سیاق و ڕەهەندی جیاوازدا دەردەکەوێت، ئەمەش بەهایەکی گرنگی ئەدەبی و ڕەهەندە جیاوازەکانمان بۆ دەخاتەڕوو.

3- لە کۆی شیعرە کوردییەکانی صافی شاعیردا (٣٩٧) بەیتە شیعر و (١) غەزەل و (٢٧) چوارینە و (٨٨) پێنج خشتەکی: لە (٧٢) دێڕە شیعردا دژیەکی ئەرێ و لە (١٧) دێڕە شیعردا دژیەکی نەرێ هەیە.

**سەرچاوەکان:**


*قورئانی پیرۆز.

- اولمان. ستيفن١٩٨٦، دور الكلمة في اللغة، ت: كمال محمد بشير، ط: العاشرةو مكتبة الشباب.
- پۆل سارتەر. ژان٢٠٠٩، ئەدەب چییە؟ و: مستەفا غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- الجوهري، محمد1975، علم الفلكلور دراسة في الانثروبولوجيا الثقافية ، دار المعارف بمصر، القاهرة.
- دزەیی، موشیر. عەبدولواحید٢٠١٤، زمانەوانی دەروونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی، هەولێر.
- شارەزا، مستەفا. کەریم١٩٨٢، ڕەنگدانەوەی دیاردە هاودژەکان لە پەندی پێشینانی کوردی دا، گ: کاروان، ژ: ٦٠، هەولێر.
- شێخ بزێنی، یوسف، فاروق، م.سەعد٢٠١١، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جاف دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- صافی٢٠٠٤، دیوانی صافی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە: محمدی مەلا مصطفی هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر.
- عەزیز، نوورەدین، هیوا٢٠٢٢، بونیادی ریتم لە شیعرە کوردییەکانی عەبدوڵڵا بەگی مصباح الديوان(ئەدەب)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- کۆمەڵێک نووسەر٢٠٠٩، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، و: هادی محەمەد، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- گەردی، عەزیز١٩٧٥، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا- بەرگی دووەم- جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
- میران. عەلی، سالح٢٠١٣، پەیوەندی نێوان ئاین و ئەدەب، ٦٩ یەمین بڵاوکراوەی تیشک.
- الهاشمی، احمد١٩٦٠، جواهر البلاغه فی المعانی والبیان والبدیع، ط١٢، المکتبه التجاریه الکبری، مصر.

# فن التضاد في القصائد الكردية (صافي)

على مصطفى نجم الدين
قسم اللغة  الكوردية،كلية التربية-شقلاوة،جلمعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
ali.nejmaddin@su.edu.krd

فرمان محسن عبدالله
دائيرة التربية الشقلاوة
Fermankurdi272@gmail.com

**ملخص**

يحمل هذا البحث عنوان (فن التضاد في القصائد الكردية (صافي) وهو مشروع علمي، يعتمد على الأساليب الإحصائية، ويناقش نظرية فن التناقض، كما التناقض الثقافي وغير الثقافي، استنادا إلى المصادر والآراء العلمية في هذا الشأن. وفي الدراسة قمنا بعمل بيانات تفصيلية لجميع القصائد الكردية للشاعر في الكتاب الذي استخدمناه في البحث والمنشور فيه كما نرى، في مجموع قصائد صافي شعير الكردية (397) بيتاً من الشعر، (1) غزل، (27) رباعيات و(88) خمسة جداول: في (72) بيتاً من الشعر هناك تعارض إيجابي . كما يظهر الفن المتضارب بأشكاله المختلفة في سياقات وأبعاد مختلفة، مما يقدم لنا قيمة أدبية مهمة وأبعاد مختلفة.

**الكلمات المفتاحيية:** شعر، عكس ذلك، عكس إيجابي، عكس سلبي، بيانات.

## Bandi As an Unknown Classical Poet

Ali Mustafa Najmaddin
Department of Kurdish language, College of Education- shaqlawa, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region,Iraq
ali.nejmaddin@su.edu.krd

Farman Muhsin Abdulle
shaqlawe Education compound
Fermankurdi272@gmail.com

**Abstract**

This research is entitled (The art of opposition in Kurdish poems (Safi), a scientific project, based on statistical methods, which discusses the theory of contradiction art, as well as both cultural and non-cultural contradiction, based on scientific sources and opinions in this study, we have done a detailed data of all Kurdish poems of the poet in the book we used for the research and published in

As we can see, in the total number of Kurdish poems of Safi Shair (397) verses of poetry, (1) ghazal, (27) quatrains and (88) five tables: in (72) lines of poetry there is a positive opposition. Conflicting art, in its various forms, also appears in different contexts and dimensions, which presents us with an important literary value and different dimensions.

**Keywords**: Poetry, An opposite, A positive opposite, A negative opposite, data.